بانگەواز بۆ پشتیوانی لە برا کوردەکانمان لە رۆژئاوای کوردستان (سوریە)

حیزب و رێکخراوە سیاسی و مەدەنییەکانی کوردستانی لە نۆروێژ

وێرای سڵاوێکی گەرم و دۆستانە!

هەروەک ئاگادارن زیاتر لە ٢ مانگ دەبێ شەپۆلی دێموکراسی خوازی لە رۆژهەڵاتی ناوەراست وڵاتی سورییەشی گرتۆتەوە و گەلانی ئەو وڵاتە سەرەرای سەرکوتی بێرەحمانەی رێژیمی بەعسی سوریە و کوشتنی زیاتر لە ٨٠٠ کەس و گیرانی هەزاران کەس لە خەڵکی نارازی ئەو وڵاتە، تا ئێستاش بەردەوامن لە خۆپێشاندان و نارەزایەتی دەربرین و داوای روخانی رێژیمی بەعسی سوریە و هاتنە سەرکاری حکومەتێکی دێموکراتی دەکەن. لەو نێوە دا برا کوردەکانمان لە رۆژئاوایی کوردستان ( سوریە)ش بێدەنگ نەبوون و ئەوانیش وێرای داوا رەواکانی خۆیان دەستیان داوەتەوە خۆپێشاندان، کە لە چەند رۆژی رابردوودا لە زۆربەی شارە گەورەکانی رۆژئاوایی کوردستان خۆپێشاندان دژی حکومەتی دیکتاتۆری سوریە هاتۆتە ئاراوە کە بە داخەوە چەندین کەسیش شەهیدو بریندار بوون یا گیراون.
هەر بەو هۆیەوە لە لایەن کۆمیتەی هاوبەشی هێزەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان کە پێکهاتووە لە ٧ حیزب و رێکخراوی سیاسی رۆژهەڵاتی کوردستان، وێرای مەحکوم کردنی جینایەتەکانی رێژیمی بەعسی سوریە، داوا لە هەموو حیزب و هێز و لایەنە سیاسی و مەدەنییەکانی کوردی هەر چوارپارچەی کوردستان لە نۆروێژ دەکەین بە روحێکی برایانەو کوردانەوە، پشتیوانی خۆمان لە برا کوردەکانمان لە سوریە، بە شێوەی خۆپێشاندان یا هەر پێشنیارێکی دیکە کە هەموو لایەک لە سەری رێککەوتن لە نۆروێژ ئەنجام بدەین و لانی کەم بتوانین دەزگا حوکمی و دەوڵەتی و مەدەنییەکانی وڵاتی نۆروێژ هان بدەیەن بۆ پشتیوانی لە گەلی زوڵم لێکراوی کورد لە سوریە.
ئێمە پێشنیار دەکەین کە لە بەر دەم وەزارەتی دەرەوە یا پارڵمانی نۆروێژ

کۆمیتەی هاوبەشی هێزەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان
e-mail: k-hawbash@hotmail.com Tel: 932 59 391

خۆپێشاندان بکەین. تکایە هەر حیزب یا ڕێکخراوێک پێشنیاری دیکەی هەیە ڕاییگەیەنێ. ئەگەر بکرێ تا کۆتایی حەوتوویی داهاتوو واتا ٢٠١١/٠٥/٢١ ئەو کاربکرێ زۆر باش دەبێ.

بەو هیوایەی کە ئەو حەرەکەتە ببێتە هەوێنی یەکیەتی و یەکریزی کورد لانی کەم لە وڵاتی نۆروێژ.

بژی کورد، بژی کوردستان

بە سپاسەوە
کۆمیتەی هاوبەشی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نۆروێژ کە پێکهاتووە لەو حیزب و ڕێکخراوانە:
حیزبی دێموکراتی کوردستان
کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان
ڕێکخراوی خەباتی شۆڕشگێری کوردستان
پارتی سەربەخۆیی کوردستان
پارتی سەربەستی کوردستان
بزوتنەوەی دێموکراتیکی یارسان
کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان